# پەرلەمان

## مێژووی سەرهەڵدان، پێکهاتەو ئەرکەکانی


ئامادەکردنی

**عــادل عــەلی**



ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی ـ ٢٠١٠



ئامادەکردنی: عادل عەلی

بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی ـ ساڵی ٢٠١٠

ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

( ٢٦٤٩ )ی ساڵی ٢٠١٠

لە دەزگای چاپو پەخشی حەمدی چاپ کراوە

تایپ: شانیا یوسف

دیزاین: ئەمیرە عومەر

تیراژ: (٤٠٠٠)

ژمارەی زنجیرە: ( ٨ )

## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابین كردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

# پەرلەمان
# بەمانای چی دێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دوو ڕێگامان هەیە، یەکەمیان لەو ڕوانگەوە کە پەرلەمان شێوازێکە بۆ بەشداریی هاوڵاتیان لەژیانی سیاسیدا، دووەمیان بەوپێیەی کە پەرلەمان دامەزراوەیەکی گرنگە لەدامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتیو گوزارشتە لەبوونی ئازادیو فرە حیزبیو بەشداری سیاسی.

ئەگەرچی پەرلەمان ئاماژەی بوونی دیموکراتیو ئازادیە لەکۆمەڵگەکاندا، بەڵام ڕەنگە مەرجی سەرەکی نەبێت



لەبوونی بارودۆخی کراوەدا، چونکە لەبەشێکی بەرچاوی وڵاتانی دیکتاتۆریشدا دامەزراوەی پەرلەمان هەیە.

پەرلەمان گوزارشتە لەبوونی دامەزراوەیەك کە لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە نوێنەرەکانی، لەلایەن جەماوەرەوە هەڵبژێراونو ئەرکی ئەوان نوێنەرایەتی کردنی خەڵکە. ئەگەر لەهەندێك کۆمەڵگادا پەنا بۆ شێوازی تر ئەبەن لەدیاری کردنی نوێنەرەکانیاندا، ئەویش پێکهێنانی ئەنجومەنی ڕاوێژکارییە کە لەچەند سەرکردەیەکی کۆمەڵایەتیو کەسایەتیەك دروستدەکرێت بە مەبەستی پرسو ڕاوێژکردن پێیان لەکاروباری دەسەڵاتدا.

پەرلەمانی هەڵبژێردراو لەدنیای هاوچەرخدا بەپلەیەکی بەرچاو گەشەیکردووەو فراوان بووە، ئەمڕۆ پەرلەمان بۆتە دامەزراوەیەکی سیاسی گەورە، لەزۆرێك لەوڵاتانی دنیادا قەبارەکەی زیادیکردووە، کە دوو ئەنجومەن لەخۆ ئەگرێو ئەرکەکانی جۆراو جۆرن دیارترینیان دەرکردنی یاساو چاودێریکردنی کاروبارەکانی

حکومەتە، پاشان فشارو کاریگەری دروستکردنە لەسەر بڕیاری سیاسیو ناوخۆییو ڕێکخستنی پەیوەندی دەوڵەت لە ڕووی ناوچەییو نێودەوڵەتیەوە.

بەگوزارشتێکیتر، کۆمەڵگە جیاجیاکان وا پەرلەمانیان ناسیوە کە جەوهەرە سەرەکییەکەی، ئەو گفتوگۆو مشتومڕانەیە کە بەکۆمەڵ لەبارەی کاروباری گشتیو مەسەلەکانی دەسەڵاتەوە دەکرێ.

ناوی پەرلەمان لەگەڵ زیادبوونی ئەرکو کاریگەرییەکانی لەژیانی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریدا گەشەیکردووە. پێشتر هەر ئەنجومەنێکی ڕواڵەتیبووەو گوزارشت بووە لەئەنجومەنی نوێنەران یان موڵکدارەکان، کە ببونە دەستەیەکی گەلی، یاسا دانەرو نوێنەرایەتی ژمارەیەك لەهاوڵاتیانیان دەکرد. لەگەڵ دروستبوونی پەرلەماندا، ئەرکەکەی ئەوە بوو، کە بوار بڕەخسێنی بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر کاروباری گشتی. بۆ زانیاریش مانای وشەی پەرلەمان لەو قۆناغەدا، بە مانای



شوێنی قسەکردن هاتووە، دوایی بۆتە دەستەی نوێنەرایەتیکردنی هاوڵاتیانو بەشداریکردن لەدەسەڵاتداو ناوی لێنرا کۆمەڵەو ئەنجومەن، کە نوێنەرایەتی گەلی لەخۆگرتبوو. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بیری ئازادیو یەکسانیو دەسەڵاتی گەل، پەرلەمان بووە ئەو دەسەڵاتەی کە یاسا دابنێو ببێتە دەسەڵاتی یاسادانانو پێی بووترێ دەستەی یاسادانان، زیاتر لەوە پەرلەمان ڕۆڵی سەرەکی بینی لەسیستەمەکانی دەسەڵاتدا کە ئەمڕۆ بەشێکی زۆری وڵاتان خاوەن سیستەمی پەرلەمانین، دیارترینیان وڵاتی بەریتانیایە کە زۆرترین دەسەڵاتەکان لەپەرلەماندا چڕبۆتەوە.

## پەرلەمان لەکوێ سەریهەڵدا؟

پەرلەمان داهێنراوێکی ئەم بیریار یاخود ئەو فەیلەسوفە نیە، بەڵکو بەرئەنجامی ئەزموونو مێژوویەکی دورو درێژە، ئاڵوگۆڕو رووداوە مێژووییەکان بوونەتە دروستکەریو هەر ئەوانەش روخسارەکانی ئێستای پەرلەمانیان دیاریکردووە. پەرلەمان لەهەنگاوی یەکەمدا دەرنەکەوتووە، بەڵکو چەندین قۆناغی تێپەڕاندووە کە زۆربەیان پڕبووە لەکۆسپو تەگەرەو ململانێ تا ئەوکاتەی پەرلەمان توانی لەڕێگەیەوە دەسەڵاتی پاشایەتی رەهاو دەسەڵاتی دیکتاتۆری دابماڵێ.

هەروەها دەسەڵاتی پەرلەمانی بەیەکجار شکڵی نەگرتو جێگیرنەبوو، بەڵکو پلە بەپلە بەدەست هاتووەو تا درێژبۆتەوە بۆ پرسەکانی یاسادانانو بوارە داراییو



سیاسیەکان. لەگەڵ دەرکەوتنو جێگیربوونی پەرلەماندا، جیهان ئاشنابوو بە سیستەمێکی نوێی دەسەڵات کە ئەویش حکومەتە پەرلەمانیەکانە، کاروانی کاری پەرلەمانی لەسەر رێگای پرۆسەکانی دیموکراتیو بەشداریو فرەیی سیاسیو دەسەڵاتی زۆرینە بەردەوامە. مێژوونوسان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ژیانی پەرلەمانی لەهەر دەوڵەتێکدا، وێنەیەکی راستگۆیانەیە لەواقیعو راستییەکانی کۆمەڵگەی ئەو وڵاتە، واتا پەرلەمان ئاوێنەی باڵا نوێنی کۆمەڵە، لەهەر وڵاتێکدا بێت، بەشێوەیەك کە زۆربەی رەوتە سیاسیو فیکریو بیرو باوەڕو بۆچوونو بەهاکان کە لەکۆمەڵگەدا هەیە، خراپ یاخود چاك رەنگدانەوەی هەیە لەسەر کارو چالاکییەکانی پەرلەمان.

پەرلەمان نوێنەری راستەوخۆی جەماوەرەو لەهەمان کاتدا یاسا دائەنێ بۆ ئەوەی حوکمی کۆمەڵ بکات، هەروەك

چۆن چاودێری حكومەت ئەكات لەهەڵسوكەوتەكانیو جێبەجێكردنی داواكارییەكان، ئەوانەی گەل دەیخوازێ.

ڕۆڵی پەرلەمان هێندە گەشەیكردووە كە پێشتربوونی نەبووە، هەر بۆ نموونە لەپەرلەمانی بەریتانی دەڵێن پەرلەمان دەتوانێ هەموو شتێك بكات جگەلەوەی ناتوانێ پیاو بكات بە ژنو ژنیش بكات بە پیاو، واتا پەرلەمان دەسەڵاتو كاریگەری زۆری هەیە لەسەر تەواوی جومگەكانی دەسەڵاتو كۆمەڵ.

گەشەكردنی دامەزراوەی پەرلەمانی هاوچەرخ لەگەڵ مێژووی پەرلەمانەكانی ئەوروپادا هاوزەمانە، بەتایبەتی لەوڵاتانی بەریتانیاو فەرەنسا. پەرلەمانی ئینگلیزی لەسەدەی سیانزدەوە دەستیكردووە بەداواكردنی مافی یاسادانان بەبێ ئەوەی بۆ پادشای بەجێبهێڵێ، لەسەردەمی پادشا (شارلی یەكەم)دا بەریەككەوتنێك ڕوویدا لەنێوان



ئەنجومەنی گشتیو پادشادا لەسەر باج كە پادشا پێویستی بەوە بوو بانگهێشتی پەرلەمان بكات بۆ گرێبەستێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خەرجیەكانی خۆپڕچەك كردنو سوپا بۆ درێژەدان بەفراوانبوونی هەرێمایەتی، كە پاشا ناچاربوو ڕۆڵی گەورەی پەرلەمان پەسەند بكات، لەبواری دیاریكردنی باجدا، ئیتر لەدوای ئەو كاتەوە دروشمی (باج نییە، بەبێ نوێنەرایەتی) ناسرا. ئیدی ڕۆڵی پەرلەمان گەشەیكرد لەكاتی جەنگی ناوخۆیی لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمو هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئینگلیزی گەورە، كە ئەوەش بووە سەرەتایەكی ڕاستەقینەی پەرلەمان.

لەفەرەنساشدا، ئەم گەشەكردنە دەستیپێكرد.

بەمەبەستی پشت بەستن بە نەتەوەو ڕاوێژكردن بە جەماوەر، واتا قبولكردنی دامەزراندنی پەرلەمانو دەستنیشانكردنی دەسەڵاتەكانی. مەسەلەی سەرەكی ڕووداوەكانی ئەو كاتەبوو، كە ڕاگەیاندنی دەستوری

فەرەنساو زەمانەتکردنی پەرلەمان دیاردەی سەرەکی ئەو گەشەکردنە بوو.

ئەم ڕووداوانەی ئەوروپا کاریگەری لەسەر بەشی زۆری وڵاتانی دونیادا هەبوو، نموونەی وڵاتی میسر یەکێك لەو وڵاتانە بوو کە کەوتەژێر کاریگەری ئەو ئاڵوگۆڕانەوە، بەتایبەتی لەسەردەمی موحەمەد عەلی‌و دواتر خدیوی ئیسماعیل‌و پاشان عورابیەکان کە چەند شێوازێکی ئەنجومەن هەبووە لەوێنەی پەرلەمان، واتا ئەو ئەنجومەنانە لانیکەم لەپەرلەمان دەچوون.



## سەرلەنوێ گرنگیدان بە ژیانی پەرلەمانی

جیهان ئاڵوگۆڕی زۆری بەخۆیەوە بینیووە، بەرەو دیموکراسی‌و کۆمەڵگەی فرە حیزبی، ئەمەش گفتوگۆکانی لەبارەی ڕۆڵی پەرلەمان لەگەشەکردنی دیموکراسی‌و بایەخی زانیاریی‌و تێگەیشتن لەبنەماکانی کاری پەرلەمانیش زیادی کردووە.

ڕۆڵی پەرلەمان لەم ئاڵوگۆڕانەدا زۆر جەوهەرییە، ئەگەر ئەو راستیەمان زانی کە خودی پەرلەمان ئامرازی ئەو گۆڕانکارییەو هەر ئەویش ئامانجە، واتا هەر خۆی بکەرو کارلێکراوە، واتا پەرلەمان ڕۆڵی مەرکەزی دەگێڕێ لەناو ئاڵوگۆڕەکاندا، لەهەمان کاتیشدا دەبێتە ئامانج. چونکە تا دێت ئەو راستیە زیاتر دەرئەکەوێ، کە دیموکراسی بەبێ پەرلەمان ناتوانرێ جێگیر بکرێ،

پەرلەمان نوێنەرایەتی هاوڵاتیان دەکاتو گوزارشت لەبەرژەوەندیو داخوازیەکانیان دەکات. هەروەك چۆن ئەو پەرلەمانەش نابێتە رەگەزو هێزێك بۆ دیموکراسی ئەگەر بەر ئەنجامی هەڵبژاردنێکی رێكو بێگەرد نەبێت.

بەشێوەیەکیتر دیموکراسی ئامانجی دامەزراندنی پەرلەمانێکی تەندروستەو لەهەمان کاتدا متمانەی لەسەر بوونی پەرلەمانێکی بەهێزە.

بەهۆی ئاڵوگۆڕو قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا تێڕوانینی دنیا بۆ پەرلەمان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەندێك جار ئەو تێڕوانینە پۆزەتیڤەو هەندێك جار نێگەتیڤە. ئەمەش بەهۆی ئەو رۆڵەی پەرلەمانە کە لەژیانی سیاسیو مەودای کاریگەرییەکانی لەسەر گەشەکردنی ئابوریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی کۆمەڵگەدا دەیگێڕێ.



لەسەرەتای دەرکەوتنی پەرلەمانەکانەوە، تێڕوانینی باو وابووە، کە سیستەمی حوکمڕانی دیموکراتی ئەوەی کە پێویستە ئەوەیە کە جەخت لەسەر بیرۆکەی نوێنەرایەتیو دەسەڵاتێکی باش بکرێتەوە، سەرجەم تاکەکان بتوانن بەرگری لەمافەکانیان بکەنو دەرفەت بدرێ تا هەمووان بەشداری لەبڕیاری سیاسیدا بکەن لەڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە، باشترین بڕیارو چارەسەر بخرێتە روو لەبەرامبەر کێشەکانیان لەڕێگەی گفتوگۆکانی پەرلەمانەوە، کە دواجار ئەتوانن چاودێریو هەژموونیان هەبێت بەسەر ئەو کەسانەی کە بەنوێنەرایەتی دەوری هەڵبژێدراون. پاش گەشەسەندنی ئەم بیرۆکانەو تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، شەپۆلێکی بێئومێدی باڵی کێشا بەسەر روناکبیرانو جەماوەر لەبارەی ئامرازەکانی پەرلەمان، کە گومانو بەد گومانی دروست بوو لەسەر بیرۆکەی نوێنەرایەتی راستەقینەی تاکەکان لەپرۆسەی دروستکردنی بڕیار لەڕێگەی دامەزراوە سیاسییە باوەکان

(پەرلەمان، حیزب)، بەشێوەیەك ئەم دیموكراتی نوێنەرایەتییە لەواقیعدا چییە جگەلەوەی دیموكراتیەتی دەستە بژێرەو تێیدا گەندەڵیو بەرژەوەندی بەر تەسكو تاكە كەس بڵاودەبێتەوەو كاریگەری دەنگدەریش هیچ نییە جگە لەچەواشەكاریو پەرلەمانیش بە باسكێكی درێژی فەرمانڕەواكان ئەژمار دەكرێو ئامرازێكە بە دەست دەسەڵاتی راپەڕاندنەوە.

هۆكاری بڵاوبوونەوەی ئەم رەشبینییە، دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی چەندین سیستەمی توتالیتاری كە دەستیان بەسەر دەوڵەتو هەموو شتێكدا گرتبوو لەنێوان هەردوو جەنگی یەكەمو دووەمی جیهاندا، نموونەی ئەم راستیانەش فاشیزم لەئیتالیاو نازیزم لەئەڵمانیادا بوو، هاوزەمان جۆرێكی تری سیستەمی تۆتالیتاری بڵاوببۆوە لەنمونەی كۆمۆنیزمی روسی لەژێر ناوی یەكێتی شورەوی.



بەكورتی دەنگدەران نارازیبوون لەنوێنەرەكانو پێیانوابوو كە ناتوانن گوزارشت لەبەرژەوەندییەكانیان بكەن، بەجۆرێك كە زۆرینەی خەڵك ناتوانن لەسیاسەتی گشتیبەشداریبكەن یاخود بەدواداچوون بكەنو بزانن لەپەرلەمانی وڵاتە دیموكراتییەكاندا چی ئەگوزەرێ، هەروەها پەرلەمانەكانیش وا ئەژمار دەكران كە ناتوانن كاریگەری راستەقینەی خۆیان پیادە بكەن لەژیانی سیاسی سیستمە تۆتالیتاریەكاندا، جگەلەوەی پاڵپشتی دەسەڵاتی رەها دەكەن، كە ئەمەش وایكردووە خەڵك بەگشتی زۆر بایەخ بە سیاسەت نەدەن.

لەهەندێك وڵاتی دیكەدا بارودۆخەكە خراپتر تێك چوو بوو، بەجۆرێك كە هیچ دامەزراوەیەكی نوێنەرایەتی بوونی نەبووە یان بە واتایەكیتر پەرلەمانی هەڵبژێردراو نەبووە، ئەم حاڵەتە بەگشتی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، وەكو دیاردەیەك هەبووە. یان لەهەندێك شوێنو

جێگەیتردا ئەگەر بوونی هەبوو بێت بەگاڵتەجاری باسی لێوەکراوەو وەکو کۆسپی بەردەم گەیشتن بە دیموکراسی تەماشایکراوە.

لەڕاستیدا بارودۆخی پەرلەمان لەبەشێکی زۆری وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا زۆر خراپ بووە کە دەکرێ بەچەند ئاستێك دیاری بکرێ. ئەگەرچی لەدەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکیتر جیاوازی هەیە، بەڵام هەندێك خاڵی هاوبەشیان هەیە لەوانە:

★ لەڕاستیدا پەرلەمان وەکو دەزگایەکی راستەقینە بوونی نەبووە.

★ پەرلەمانەکان بەبڕیاری دەسەڵات دروست کرابوون، کاتێك ئارەزوویان بکردایە هەڵیاندەوەشاندەوە.

★ قەدەغەکردنی دروستکردنی حیزبی سیاسیو بوارنەدان بە ئۆپۆزسیۆن.



★ کۆنترۆڵکردنی پەرلەمانو پرۆسەی یاسادانان لەلایەن حکومەتەوە.

★ کەمی هۆشیاری سیاسیو لاوازی توانای ئەندامانی پەرلەمان.

★ گیروگرفتەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنو دەستبەسەراگرتنی تاك حیزبیو ساختەکردن لەهەڵبژاردنەکانو دەستکاریکردنی ئەنجامەکانو بڵاوکردنەوەی هەڕەشەو تۆقاندن.

★ خراپ بەکارهێنانی حەسانەی پەرلەمانی لەلایەن نوێنەرەکانەوە.

بەدەربڕینێکی تر پەرلەمان ببووە دامەزراوەیەکی زۆر لاواز ئەگەر لەو شوێنو جێگایانە بوونی هەبووبێت.

هەربۆیە، سەردەمی زێڕینی لەدەست چوو بوو، نەیدەتوانی هێزی خۆی بگەڕێنێتەوە کە لەبەردەم حوکمڕانی تاکڕەوانە لەدەستیدابوو. تەنها رۆڵێکی

روکەشی دەبینی لەپرۆسەی یاسادانانو دروستکردنی بڕیاردا، واتا تەنها رۆڵی مۆر لێدەری هەبوو، ئەوەی دەسەڵات دەیویست ئەوەی دەکرد، بەگشتی هەڵبژاردنو پەرلەمانەکان متمانەی جەماوەریان لەدەستدابوو، هەر ئەو تێڕوانینە نێگەتیڤە وایکرد کە بیر بکرێتەوە لەهۆکارێکی دیکە کە بتوانێ گوزارشت لەبەرژەوەندی هاوڵاتیان بکاتو کاریگەری لەسەر دەسەڵات هەبێت. هەروەك نمونەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، سەندیکاو کۆمەڵە ناوخۆییەکان، ئەو ئامرازانە بوون کە پەنایان بۆ برا.

ئەم تێڕوانینە نیگەتیڤە وردە وردە گۆڕانی بەسەردا هات، لەنێوان ساڵانی ١٩٧٤ تا ١٩٩٠ کۆمەڵێك حکومەتی دیموکراتی نوێ لەوڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا دەرکەوتن، کە جەختیان لەسەر بوونی پەرلەمانێکی کارا کردۆتەوە، هەروەك رێژەی سیستەمە دیموکراتییەکان



لەدنیای هاوچەرخدا زیادیکردووە، بەتایبەتی دوای هەڵوەشانەوەی بلۆکی رۆژهەڵاتو لەساڵی ١٩٩٢ بەدواوە پەرلەمانەکان زۆر لەجاران بەهێزتربوونو گەشەیانکردووە.

لەژێر کاریگەری شۆڕشی پەیوەندیو گەیاندنو دەرکەوتنی سیستەمی ئابوری جیهانیو، ئاوابوونی جەنگی سارد، ژیانی پەرلەمانی لەوساتەوە کاریگەری بەدووشێوە هەبووە: یەکەم، دامەزراندنی ئەنجومەنی پەرلەمانی نوێ، یان بەدەست هێنانەوەی چالاکی ئەنجومەنە کۆنەکانو رێگەدان بەفرە حیزبی، دووەم، پەرلەمان دەسەڵاتی یاسادانانی، ئەمجارە بەشێوەیەکی بەهێزتر پیادەکرد.

بەهەرحاڵ بەهەموو شێوەیەك بۆ دنیا ئاشکرابوو کە ئاڵوگۆڕی دیموکراسی بەبێ بوونی پەرلەمان ئەنجام نادرێو رۆڵی پەرلەمانەکانیشی بەرجەستەکرد، هەندێك

جەخت دەکەنەوە کە ئێمە لەدنیای ئەمڕۆدا لەسەردەمی پەرلەماندا دەژین، واتا سەردەم سەردەمی ژیانی پەرلەمانییەو بۆ هەموو لایەك ئەو راستییە سەلمێنرا کە پەرلەمانەکان دامەزراوەی سیاسی سەرەکین بۆ سیستەمی دیموکراسی، لەبەرئەوەی رۆڵی بنەڕەتی دەبینن لەئاڵوگۆڕ بەرەو دیموکراسیو، لەڕووی متمانەی نێوان حکومەتو هاوڵاتی، یان لەڕۆڵو کاریگەریان لەگوزارشتکردن لەداخوازییەکانی کۆمەڵ، یاخود چاودێری کاروبارەکانی حکومەت.

ئیدی دەوڵەتان سەرەتایەکیان دەستپێکرد، بۆ چاوخشاندنەوە بەشێوازی کاری پەرلەمانیو دەسەڵاتەکانی، گرنگیدان بە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی دەوری پاكو بێگەرد، بوار رەخساندن بۆ رای گشتیو بەدواداچوونی کارەکانی پەرلەمان بەڕێگەی جۆراوجۆر، بۆ نمونە گواستنەوەی دانیشتنەکان لەڕێگەی هۆکارەکانی



راگەیاندن، بایەخدان بە بەدواداچوونی چالاکییەکانو هەڵسەنگاندنی توانای ئەندامەکان لەمیدیاکاندا، هەروەها دەوڵەمەند کردنی ئەندامەکان بە زانیاریو مەعریفەی یاساییو پەرلەمانی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان.

دوای سەردەمێکی دورو درێژ لەخراپی پێگەی پەرلەمان، بەڵام لەئێستادا هەتا دێت زیاتر باوەڕ بە تواناو هێزی پەرلەمان وەکو ئامڕازێکی گرنگی دیموکراسی دروست دەبێت، چونکە هەنگاونان بۆ چالاککردنو تەکاندان بەرەو بەدەستهێنانی دیموکراسی بەبێ بوونی پەرلەمان نایەتەدی.

## بایەخی پەرلەمان

سەرەڕای گەشەکردنی قۆناغەکانی ژیانی پەرلەمانی، بەتایبەتی ئەو فاکتەرانەی کە بوونەتە هۆکاری یارمەتیدەر بۆ گەشەکردنو جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەرلەمان، کە ئەویش نوێنەرایەتیکردنی راستەقینەی گەلە.

لەزۆربەی دەوڵەتەکانی خۆرئاوادا، پەرلەمان لەچوارچێوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیو ئابورییە فراوانەکاندا سەریهەڵداوە، پاشان لەگەڵ دەرکەوتنی چینی ناوەڕاست کە پشتیوانی رۆڵی پەرلەمان بووە لەسەروبەندی شۆڕشی پیشەسازی، لەو قۆناغەدا فاکتەری سەرەکی لەپشتی دامەزراندنی پەرلەمانەوە نوێنەرایەتیکردنی ئەو دەستەو گروپو هێزە چالاکانە



بوون، کە رێگەیان پێدەدرا کاریگەرییان هەبێت لەژیانی سیاسیدا. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕو چەمکی سەروەری گەلو هاوڵاتیبوونو یەکسانی نێوان هاوڵاتیان لەئەركو مافەکانداو گواستنەوەی تەواوی بەشدارییەکانی هاوڵاتیان بەشێوەی پراکتیکی بۆ دەسەڵات، ئیدی رۆڵی پەرلەمان بووە نوێنەرایەتی گروپە جیاوازەکانی گەلو پیادەکردنی سەروەرییەکان لەدانانی یاسای بنەڕەتیو دەرکەوتنی بیروباوەڕی ئازادی سیاسیو دەرکەوتنی حیزبی سیاسیو دیاردەی فرەحیزبی، پەرلەمان بووە مەیدانو شوێنی ململانێی نێوان حیزبەکانو رەوتە سیاسیەکان، کە دەیانویست زۆرینە بەدەست بهێنن، یاخود بتوانن حکومەت پێك بهێنن.

بەڵام لەدەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکاندا، فاکتەری دیکە هەیە بۆ دروستبوونی پەرلەمان، ئەویش بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەییەو دانانە بە ناسنامەی نیشتمانی

هاوبەش لەپێکهێنانی یەك دەوڵەتدا، کە ئەوەش پێویستی بە دامەزراندنی دەزگای سیاسی هەبوو کە ئەو یەکێتی نیشتمانیە بەرجەستە بکاتو گوزارشت لەناسنامەیەکی هاوبەش بکات، باشترین دامەزراوەش پەرلەمان بوو، لەبەرئەوەی دەستەیەکە دەتوانێ دەربڕی کۆمەڵە جۆراو جۆرەکانو هەرێمەکانو گروپە جیاوازەکان بێت کە ئینتمایان بۆ یەك دەوڵەت هەیە، پاشان دەبنە ئامادەسازییەك بۆ دۆزینەوەی زەمینەی هاوبەشی نێوانیانو جێگیرکردنی، کە بەرژەوەندی نیشتمانی کۆیان دەکاتەوە. دامەزراندنی پەرلەمان هەنگاوێکی بنەڕەتیبوو بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەو پارێزگاریکردن لەیەکانگیری نەتەوەیی بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی دەرەوە.

لەلایەکیترەوە، فاکتەری سەرهەڵدانو دروستبوونی پەرلەمان لەهەندێك لەم وڵاتانەدا هەر ئەو هۆکارانە بوون



کە پێشتر باسمان کردنو بەشێکی بەرچاوی کە جێگیرکردنی ئارامی کۆمەڵایەتییە بەمانا فراوانەکەی. چونکە هەندێك دەوڵەت هەیە ململانێی رەگەزیو مەزهەبیو نەتەوەیی زۆر توندی تێدایەو پێویستی زۆری بە هۆکارێك هەیە بۆ کەم کردنەوەی ئەو ناکۆکیو ململانێیەی نێوان هاوڵاتیانو گۆڕینی ئەو فرەییە بۆ بەهێزی دەوڵەتەکە.

ئەمڕۆ دروستکردنی پەرلەمان یەکێك لەپایە جەوهەرییەکانی ژیانی دیموکراسییە، قۆناغێکی پێویستە لەپرۆسەی ئاڵوگۆڕی دیموکراسیو پێشخستنی کاری پەرلەمانیو بووەتە دەروازەیەك بۆ ریفۆرمی سیاسی هەمەلایەنە. سەرەڕای ئەو بایەخەی پەرلەمان لەقۆناغی ئەمڕۆدا ئاڵوگۆڕی ئابوریو ئاراستەی بەرەو سیستەمی بازاڕی ئازاد، وایکردووە کە پەرە بە کاروانی ژیانی سیاسی بدرێ، کە لەڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤو ئازادییە

بنەڕەتییەکانەوە دەستپێدەکات، بەتایبەتی ئازادی بەشداری سیاسیو فرەحیزبی، ئەویش بەپێکهێنانی حکومەتی نوێنەرایەتی دەبێت لەڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادو بێگەردەوە. سەرجەمی ئەوانەش بە کاری پەرلەمانی ئەنجام دەدرێ.

بە کورتی پەرلەمان لەجیهانی ئەمڕۆدا بۆتە ڕەمزی گەورەترین ئاڵوگۆڕی سیاسی کە چەندین دامەزراوەی سیاسیو دەستوری لەخۆدەگرێ، بۆ نمونە (حیزبە سیاسییەکانو سەندیکا پیشەییەکانو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، وەك کۆمەڵە ناوخۆییەکانو یانە ڕۆشنبیرییەکان.....) کە هەموو ئەوانە کەشوهەوایەکی سیاسیو کۆمەڵایەتی وایان دروستکردووە کە تیایدا کاری پەرلەمانی گەشە بسێنێو دەستەبەری بەردەوامی سیستەمی پەرلەمانی بکات.



# تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پەرلەمانی هاوچەرخ

**یەکەم/ پەرلەمان بنەمای سیستەمی دیموکراتییە**

لەدنیای ئەمڕۆدا دیموکراسی بووەتە یەکێك لەخەسڵەتەکانی دەوڵەتی مۆدێرنە، هەروەك چۆن پەرلەمان یەکێکە لەڕەمزەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی، لەبەرئەوەی بەهای سەروەری گەلو ئازادیو یەکسانیو بەشداری سیاسی لەوێدا بەرجەستە ئەبێت.

لەسەرەتادا کە دیموکراسی سەریهەڵدا بۆ دژایەتیکردنی دیکتاتۆری ڕەها بووە، بەشێوەیەك کە دواتر پێشکەوتو جێگیر بووە وەك سیستەمی حوکمڕانیو شێوازێك بووە بۆ بەشداریکردنی گەل لەفۆرمۆلەکردنی شێوازی بەڕێوەبردن

لەڕێگەی ئاڕاستەکردنی سیاسیو کاریگەری دروستکردن لەسەر پرۆسەی حوکمڕانی بەمانا فراوانەکەی.

دیموکراسی بەمانای بەشداری ژیانی سیاسیو زامنکردنی مافی هاوڵاتیانە لەدروستکردنی کاریگەری لەسەر سیستەمەکانی حوکمڕانی، بەوپێیەی سیستەمی حوکمڕانی ڕەنگدانەوەی بەرهەمی بەشداری جەماوەری ڕاستەقینە بێت، نەك ئیرادەی کەمینەی سیاسی دەسەڵاتدار.

**دووەم/ پەرلەمان دەستەیەکی نوێنەرایەتی هاوڵاتیانە لەدەسەڵاتدا.**

ئەگەر بەشداری کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی دیموکراسی بووبێت، ئەوا ئەو پرسیارەی کە خۆی بەرجەستە ئەکات، ئەوەیە کە گەل چۆن بەشداری دەکات؟ ئایا خودی خۆی بەشداری دەسەڵات دەکات بەڕێگەی ڕاستەوخۆ؟ یاخود ڕازیدەبێت بە دەستنیشانکردنی نوێنەرایەتی خۆی



لەپرۆسەی هەڵبژاردندا؟ لەڕاستیدا جیهان پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە بینیوە لەبارەی بەشداری سیاسی لەقۆناغە جیاوازەکانی پێشکەوتنی دیموکراسی، ئەوەی کە بەدیموکراسی ڕاستەوخۆ ناسراوە، بە بەراورد لەگەڵ دیموکراسی نیمچە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، کە وێنەیەکی زۆرتر باوە بۆ بەدەستهێنانی بەشداری جەماوەر لەدەسەڵاتدا.

شارستانی یۆنانی کۆن جۆرێك لەدیموکراسی ڕاستەوخۆیان ناسیوە، کە هاوڵاتیان ڕاستەوخۆ گوزارشتیان لەئیرادەی خۆیان کردووەو فەرمانڕەواکانیان دیاریکردووەو کاریگەرییان هەبووە لەسەر دروستکردنی بڕیارە گشتییەکان، هەروەك چۆن شارستانی ڕۆمانی نمونەیەکی هاوشێوەی ئەویان هەبوو، بەناوی (ئیکلیسیا) یاخود یانەی ڕۆمانی.

بەڵام ئەم جۆرە دیموكراسیە لەڕاستیدا جەماوەری نەبوو، بەڵكو مافی بەشداری كورتكرابۆوە تەنها بۆ ژمارەیەكی كەمی هاوڵاتی كە سەر بە ئەرستۆكراتەكانو دەستە بژێری دەسەڵات بوون. پیادەكردنی ئەم جۆرە لەدیموكراسی راستەوخۆ بۆ دنیای ئەمڕۆ كارێكی نەكردەیەو بە هیچ شێوەیەك جێبەجێناكرێ، لەبەر زۆری ژمارەی دانیشتوان كە ناتوانرێ لەشوێنێكدا كۆبكرێنەوەو نوێنەرو فەرمانڕەوای خۆیان دیاریبكەن.

بەهۆی فرەیی‌و زیادبوونی ئەركی دەوڵەت لەلایەك‌و گەشەكردنی كۆمەڵگاو ئاڵۆزی كاروبارەكانی لەلایەكیترەوە، پیادەكردنی دیموكراسی نیمچە ناڕاستەوخۆش كارێكی ئەستەمە لەڕووی پراكتیكیەوە.

لەبەرهەموو ئەوانە، پێویستە پەنا ببرێتە بەر دیموكراسی ناڕاستەوخۆ یان نوێنەرایەتی كە شێوازێكی



باوە لەسیستەمە دیموكراسیەكاندا، بەگوزارشتێكی تر، قسەی كۆتایی لەكارەكاندا قسەی گەلە، دیموكراسی نوێنەرایەتی دەبێتە وەڵامدەرەوەی پێداویستیە زانستیەكانی پێشكەوتنی كۆمەڵ.

### سێیەم/ فراوانبوونی بنكەی جەماوەری پەرلەمان

پەرلەمانی هاوچەرخ بەچەندین قۆناغدا تێپەڕبووە، لەڕووی شێوازو پەیكەری دامەزراوەیی بێت، یاخود لەڕووی بنكەی كۆمەڵایەتی‌و مەودای نوێنەرایەتییەكەیەوە بێت.

لەبارەی شێوازو پێكهاتەوە، پەرلەمان لەوە دەرچووە كە تەنها یانەیەكی كاتی بێت، پادشاو فەرمانڕەوایان هەر كاتێك بیانەوێ هەڵیوەشێننەوەو نەیهێڵن، بەڵكو ئێستا پەرلەمان بووەتە دامەزراوەیەكی هەمیشەیی‌و یەكێك لەپایەكانی دەوڵەتی مۆدێرنە. بەبێ لەبەرچاوگرتنی قەبارەی تایبەتمەندیە یاساییەكان‌و كاریگەری پراكتیكی

لـەژیانی سیاسـیدا، چـونکە دەگمەنــە دەوڵـەتێك هـەبێت لەدنیادا کە بێ پەرلەمان بێت، تەنانەت ئـەو کۆمەڵگانـەش کە ملکەچی سیستەمی (وصایە)ن ئەنجومەنی خۆیان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان نمونەی (هۆنگ کۆنگ).

لـەڕووی پێکهاتــەی پەرلـەمانیش، لـەوە دەرچـووە کـە ســەرجەم ئەندامــەکانی بەفــەرمانی دەســەڵاتدار دیــاری بکرێن، بەڵکو ئێستا لەتەواوی دونیادا بەهەڵبژاردن ئەنجام ئەدرێ.

پەرلــەمان لەزۆربـــەی وڵاتانـــدا لـــەدوو ئەنجومـــەن پێکهــاتووە، یــەکێکیان بەهەڵبــژاردنو ئــەوی دیکــەیان لەرێگــەی (هەڵبــژاردن و دانــان)ەوە دەبێـت، بەشـێوەیەکی ئاســایی ئەنجومەنــە هەڵبژێراوەکـە دەبێتــە دەســەڵاتی یاسـادانانو چـاودێری یەکـەم، بـەڵام ئەنجومـەنی دانـراو دەبێتە یاریدەدەر بۆی، لەوانەیە ببێتە هاوبەش لەهەندێك تایبەتمەنـدیو دەسـەڵاتدا، وەکـو گفتوگۆ کردنـی پـرۆژەی



یاساکان، لەگەڵ بەهرەمەند بوونی ئەنجومـەنی هەڵبـژێراو لەوەی کە دەسەڵاتی گەورەترە لەئەنجومەنەکەی تر.

لەگــەڵ ئــەو گەشــەکردنە لەپێکهاتــەی پەرلــەمانو تایبەتمەندییەکانی، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەئەنجومەنی دەستەبژێرەوە بۆ ئەنجومەنی جەماوەری گوازرایەوە.

زۆربـــەی پەرلەمانــەکان لەســـەرەتادا بریتـــی بـــوون لەئەنجومەنێکی ژمارەکەم، کە چەند کەسێکی دیـاریکراوی دەستەبژێری ئابوریو کۆمەڵایـەتیو سیاسـی لـەخۆدەگرت، بەتایبەتی خاوەن زەویو ئەرستۆکراتو کەسـە ناودارەکـان، پاشان گەشەی کردو بوو بە ئەنجومەنـەکانی گـەل، سـنوری بەشداریکردن فەراهەم کرا لەبەردەم هـەموو هاووڵاتیانـدا، بـۆ هەڵبــژاردنو خۆپـاڵاوتنو دواتـر بـوو بـە دامـەزراوەی جــەماوەری، بــۆ ئــەوەی لەپەرلــەمانی نوێنەرایـــەتی دەستەبژێرەوە ببێتە پەرلەمانی نوێنەرایـەتی جەماوەری، قۆناغەکانی مێژووی ئەو گۆڕانکارییانە دووچاری جۆرەها

کۆسپ، یان کۆتو بەندی بنەڕەتی بووە لەسەر مافی هاوڵاتی لەهەڵبژاردنو خۆپاڵاوتندا. وەك (پێگەی کۆمەڵایەتی - ڕەگەز- ئاین - مەزهەب - ئینتیمای سیاسی...)، کە پەرلەمانە هاوچەرخەکان بەپلەی جۆراوجۆر ئەو بارودۆخەیان تێپەڕاندووە.

**چوارەم/ بارودۆخی پەرلەمان لەسیستەمی فەرمانڕەواییدا**

سەرەڕای ئەو گەشەکردنەی پەرلەمان وەك دامەزراوەیەکی نوێنەرایەتی گشتی، ئەرکەکانی زیادیکردووەو دەسەڵاتەکانی زیاتر فراوانبۆوە، ئیدی پەرلەمان لەو قۆناغەدا نەماوە، کە هەر تەنها دەستەیەکی راوێژکاری بێت، بەڵکو ئێستا وەك دەسەڵاتی یاسادانانو چاودێری خۆی سەپاندووە.

بارودۆخی پەرلەمان لەسیستەمی حوکمڕانیدا، لەڕووی پەیوەندییەکانی بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، شێوازی



دەوڵەتەکەو جۆری سیستەمە سیاسیەکە دیاریدەکات. لەجیهانی هاوچەرخدا دوو جۆری سەرەکی سیستەمی سیاسی هەیە، سیستەمی سەرۆکایەتیو سیستەمی پەرلەمانی، سیستەمی کۆمەڵەی نیشتمانی کە ئەویش زۆر سنوردارە (وەکو سویسرا).

لەسیستەمی سەرۆکایەتیدا گەل ڕاستەوخۆ سەرۆك هەڵدەبژێرێ، سەرۆك دەبێتە لێپرسراو لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنو هەر ئەویش پۆستی وەزارەتەکان دیاریدەکاتو دەتوانێ وەزیرەکان لەپۆستەکانیان لابدات، بەمشێوەیە جیاکردنەوەیەکی گەورە لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردن دروست دەبێت.

بەڵام لەسیستەمی پەرلەمانیدا هەردوو دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردن تێکەڵیان هەیە، یەکەمیان دەبێت ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت، بەڵام

(سەرۆکی دەوڵەت )لەپەرلەماندا بە هەڵبژاردن دەستنیشان دەکرێت، ئەویش سەرۆکی حکومەت لە لیستی زۆرینە دەستنیشان دەکات بۆ پێکهێنانی حکومەت.

گرنگترین شت کە سیستەمی پەرلەمانی جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە دەسەڵات لەنێوان سێ دەستەدا دابەش دەکات، ئەویش دەسەڵاتی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) یە بەبێ ئەوەی جیابوونەوە هەبێت بەشێوەیەکی رەها، بەڵکو هاوکاری یەکتر دەکەن بەتایبەتی لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردنو یاساداناندا.



## پێکهاتەی پەرلەمان

پەرلەمانەکان بەپێی یاساو رێساکان کاردەکەنو لەوووڵاتێکەوە بۆ ووڵاتێکی تر گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

ئەو یاساو رێسایانەی کە پەرلەمانی لەسەربنیات ئەنرێو کاری لەسەر ئەکات، بریتییە لەدەستورێك کە دەسەڵاتو تایبەتمەندیەکانی پەرلەمان دیاری دەکاتو زیاتر خۆی لەدەسەڵاتی یاسادانانو چاودێری کارەکانی حکومەت دەبینێتەوە. واتا هەرچی دەسەڵاتو ئەرکی پەرلەمانە لەدەستوردا دیاریدەکرێتو پاشان هەر خودی پەرلەمان کارنامەیەکی ناوخۆیی، بەمەبەستی راپەڕاندنی ئەركو چالاکییەکانی رێکدەخات.

لەڕووی هەیکەلو پێکهاتەوە، پەرلەمان لەئەنجومەنێك یاخود لەدوو ئەنجومەن پێك دێت، کە سەرهەڵدانی ئەم حاڵەتە لەڕووی مێژووییەوە، چەند فاکتەرێکی

لەپشتەوەیە، لەوانە فاکتەری سیاسیو سروشتی سیستەمی حوکمڕانی دەوڵەتو پرۆسەی یاسادانانو پاشان پەیوەندی پەرلەمانو دەسەڵاتەکانی تر. فاکتەری کۆمەڵایەتیش وەکو ژمارەی دانیشتوانو بوونی هەرێمی جیا جیاو جیاوازی ئاستی ئابوریو کۆمەڵایەتیو کەلتوری نێوان ناوچەو هەرێمەکان.

لەدنیای ئەمڕۆدا هەردوو شێوازەکەی پەرلەمان دەبینرێ پەرلەمانی یەك ئەنجومەنیو پەرلەمانی دوو ئەنجومەنی، چ جای ئەو سیستەمە تێکەڵ بێت یاخود سادە، پادشایی بێت یاخود کۆماری، حکومەتەکە سەرۆکایەتی بێت یان پەرلەمانی، هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ.

سیستەمی دوو ئەنجومەنی بەمانای یەکسانی پێویست نایەت لەدەسەڵاتی یاساداناندا، بەڵام بوونی ئەنجومەنێکی تر لەپەرلەماندا بۆخۆی بەهێزکردنی هەلی پێداچوونەوەو



گفتوگۆی قوڵی یاساکانو پیادەکردنی زۆرترین توانایە لەچاودێری بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە. بەوشێوەیە ئاڕاستەی گشتی دەوڵەتانی هاوچەرخ بەرەو پێڕەوکردنی دوو ئەنجومەنییە ، هەرچەندە یەکێکیان بەهەڵبژاردنو ئەوی تر بە دانانە.

لێرەدا چەندین نمونەی جۆراوجۆر هەیە لەدەوڵەتانی هاوچەرخ کە پێڕەوی سیستەمی دوو ئەنجومەنی دەکەنو گرێدراوە بە چالاکی سیستەمە سیاسیەکەی.

لەشانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) پەرلەمان دوو ئەنجومەن لەخۆدەگرێ، کە هەردووکیان لەباڵەخانەی پەرلەماندان، بەڵام هەردوولایەن سەربەخۆن لەیەکتری:
یەکەم، ئەنجومەنی لۆرداتە، کە زیاتر لە (١٠٠٠) ئەندامی هەیەو بەشێوەی پشتاوپشت (وراثە) پێکدێ یان بەدانانی پادشایی ڕاستەوخۆ، ئەنجومەنی لۆردات ئەرکی دادوەری خۆی جێبەجێ دەکات، کە لەجیاتی دادگای باڵایە

لەدەوڵەتدا، سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆڵی هەیە لەپێداچوونەوەی ئەو یاسایانەی کە ئەنجومەنی گشتی دەیخاتە بەردەمی، بەڵام ئەنجومەنی گشتی لە (٦٥٠) ئەندام پێکدێو ڕاستەوخۆ لەلایەن هاوڵاتیانەوە هەڵدەبژێرێن، بۆ ماوەی (٥) ساڵ، کە ئەو دەسەڵاتی یاسادانانی ڕاستەقینەیەو، چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات.

لەفەرەنسا پەرلەمان لەدوو ئەنجومەن پێکدێ، کۆمەڵەی نیشتمانی لە ٥٧٧ ئەندام پێکدێ کە ڕاستەوخۆ لەلایەن هاوڵاتیانەوە هەڵدەبژێرێن کە دەکاتە دەسەڵاتی یاسادانانی فەرەنسا، ئەنجومەنی پیرانیش کە (٣٢٢) ئەندام لەخۆدەگرێ بە ناڕاستەوخۆ هەڵدەبژێرێن واتا لەڕێگەی دەستەیەکی هەڵبژێراو کە ڕۆڵی ناوچەکانی فەرەنسایان هەیە بەشێوەی کۆمەڵگەی هەڵبژاردن بۆ ماوەی ٦ساڵ کە ٣ ساڵ جارێک نیوەی ئەندامەکان نوێ دەکرێنەوە، کە



تەواوکاری دەسەڵاتی یاسادانانە لەفەرەنساو، بۆ حکومەت هەیە لەیاساکانی داراییدا پرۆسە یاساییەکان بخاتە بەردەم ئەنجومەنی پیران بۆ ڕەزامەندی لەسەری، ئەگەر کۆمەڵەی نیشتمانی لەماوەی (٤٠) ڕۆژ بڕیاری نەدابوو، هەروەها ئەگەر ئەنجومەنی پیرانیش بڕیاری نەدا، ئەوە پرۆژەکە ڕەوانەی لیژنەیەکی هاوبەش دەکرێ لەهەردوو ئەنجومەنەکە بۆ بڕیار لێدانی لەماوەی (٧٠) ڕۆژدا.

## ئەركەكانی پەرلەمان

پەرلەمانەكان لەسەرتاسەری جیهاندا، بارودۆخی سیاسیو ئابوریو كۆمەڵایەتی كاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەركارو چالاكیو هەڵسوكەوتەكانی پەرلەمان وەكو دەزگایەكی نوێنەرایەتی خەڵك، بەڵام چەند ئەركێك هەیە كە پەرلەمانەكانی پێ دەناسرێتەوە لەوانە:

**یەكەم/ پاڵاوتنی پۆستی سەرۆكایەتی دەوڵەت**

لەسەر بنەماو پرەنسیپی زۆرینە، پەرلەمانەكان هەڵدەستن بەپاوڵاتنو هەڵبژاردنی سەرۆكی دەوڵەت، واتا لەناو پەرلەماندا لەلیستی زۆرینەی براوە كەسێك دەستنیشان دەكرێو لەپرۆسەیەكی دەنگدانی پەرلەماندا، ئەو كەسە رائەسپێریو هەڵدەبژێرێ بۆ ئەو پۆستە. ئەم حاڵەتە بۆ ئەو سیستەمانەیە كە سەرۆك لەناو پەرلەماندا دیاری دەكرێو هەڵدەبژێرێ. نەك ئەو سیستەمانەی كە



راستەوخۆ لەلایەن هاوڵاتیانەوە هەڵدەبژێرێ (سیستەمی سەرۆكایەتی) وەكو لەئەمریكادا هەیە.

**دووەم/ ئەركی كاریگەری لەدروستكردنی بڕیار**

هەر بەو پێیەی كە پەرلەمان دەزگایەكی نوێنەرایەتییە ئەرك و چالاكییەكانیشی راستەوخۆ كاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەكانی دروستكردنی بڕیاری سیاسی بەتایبەتی لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێكردن، بەردەوامی ئەم حاڵەتەش وا دەكات پەرلەمان ببێتە بەشێك لەدروستكردنی سیاسەتی گشتیو دروستكردنی بڕیار، لەهەمان كاتدا ئەم كاریگەرییە رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر رای گشتی.

**سێیەم/ ئەركی یاسادانان**

ئەم ئەركە یەكێك لەئەركە هەرە گرنگەكانی پەرلەمانە، بەپشت بەستن بەپرەنسیپی نوێنەرایەتی خەڵكو ئەركی

ڕێکخستنی کۆمەڵگە، پەرلەمان هەڵدەستێ بەجێبەجێکردنی ئەرکی یاسادانانو دەرکردنی یاساکان هەربۆیە لەزۆربەی فەرهەنگە سیاسیەکاندا بەدەزگای پەرلەمان دەوترێ دەسەڵاتی یاسادانان، ئەمە سەرەڕای ڕێکەوتنامەو گرێبەستە نێودەوڵەتییەکان کە دەوڵەت ئیمزای لەسەر دەکات بەڵام دەبێت پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر نیشان بدات.

### چوارەم/ دەسەڵاتی چاودێری

لەسیستەمی دیموکراسیدا کار بەبیرۆکەو پرەنسیپی بالانسی دەسەڵاتەکان دەکرێ واتا بالانسو هەماهەنگی لەنێوان هەرسێ دەسەڵاتی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) ئەمەش بۆ ئەوەیە کە هیچ دەسەڵاتێك سنوری ئەویتر نەبەزێنێو کاریگەری خراپی لەسەر ئەویدیکە نەبێت، ئەرکی چاودێری لەڕووی مێژووییەوە کۆنترین ئەرکی پەرلەمانەکانەو لەڕووی سیاسیشەوە لەپێناو



جێگیرکردنی دیموکراسیو ڕاگرتنی بالانسی نێوان دەسەڵاتەکانە: لەهەمانکاتدا پەرلەمان بەرپرسیارە لەبەرامبەر بەدواداچوونو چاودێریکردنو هەڵسەنگاندنەکانی کارەکانی حکومەت.

### پێنجەم/ ئەرکی دارایی

لەدوای سەدەی نۆزدەهەمەوە، دوای ململانێیەکی زۆر، پەرلەمان ئەو ئەرکەی بۆ زیادبووە. کە لەدنیای ئەمڕۆدا بەگرنگترین ئەرك ئەژمار دەکرێ. ئەم ئەرکو دەسەڵاتەش لەوەدا بەرجەستە ئەبێت کە زۆربەی هەرە زۆری پرۆژە داراییوئابوریو ستراتیژو بنەڕەتییەکانو خەرجیەکانی دامودەزگاکانی دەوڵەت دەخرێتە بەردەم پەرلەمانو لەچوارچێوەی کارەکانی پەرلەماندا تاوتوێ دەکرێو دواجار بڕیاری لەسەر ئەدرێ.

**بۆ ئامادەکردنی ئـەم بابەتانـە سـوود لـەم سەرچـاوانە وەرگیراوە:**


١- د. علي الصاوي. المركز الدراسات الستراتيجية (نشأة البرلمان)، تشرين الأول ـ ٢٠١٠.

٢- د. زانا مەنمی، چەند لێکچەرێکی بابەتی (یاسای دەستوری)، زانکۆی سلێمانی ، کۆلیژی یاساو رامیاری - بەشی زانستە رامیارییەکان، قۆناغی یەکەم، ٢٠٠٧ – ٢٠٠٨ .

٣- ويكيبديا الحرة (ماهي البرلمان).

٤- دايره المعارف ديموكراسى (فارسى).




# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پەرلەمان بەمانای چی دێت........................... | ٥ |
| پەرلەمان لەکوێ سەریهەڵدا؟ ......................... | ٨ |
| سەرلەنوێ گرنگیدان بە ژیانی پەرلەمانی ......... | ١٤ |
| بایەخی پەرلەمان .................................... | ٢٥ |
| تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی پەرلەمانی هاوچەرخ ................................. | ٣٠ |
| پێکهاتەی پەرلەمان .................................. | ٤٠ |
| ئەرکەکانی پەرلەمان ................................. | ٤٥ |
| سەرچاوەکان ............................................ | ٤٩ |

# زنجیرەکانی هۆشیاری

| ز. بلاوكراوەكان | ز. هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤٥ | ١ | کوردەکـــان و مـــافی چـــارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشکچی و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | ٢ | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ٣ | ئـــایین و دەوڵـــەت لەمیســـری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ٤ | ناوچـە جێناکۆکـەکان، ئاینـدەو ئاسۆکانی چارەسەر | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | ٥ | بەعـــــــــــــەرەبکردن و بەجولەکەکردن | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ٦ | ئایین و ئازادی بیروڕا | ن.عەبـــــــدولڕەحمان مونیف | ٢٠١٠ |
| ٢٥٣ | ٧ | نەتەوە چییە...؟ | و. کامیـــــل محمـــــد قەرەداغی | ٢٠١٠ |

## لەبڵاوكراوەكانی
## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران ساڵی
## (٢٠١٠)

| ژ | ناوی بڵاوكراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| □□□ | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| □□□ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| □□□ | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواري | ٢٠١٠ |
| □□□ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| □□□ | ٢٠١٠ ساڵی كۆنگرەی رووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزيز | ٢٠١٠ |
| □□□ | پرۆژەی مەكتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| □□□ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. كوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| □□□ | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| □□□ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندی | ٢٠١٠ |
| □□□ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| □□□ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| □□□ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| □□□ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| □□□ | ئایین و دەسەڵات | هاشم كەریمی | ٢٠١٠ |
| □□□ | فیمینیزم | رەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| □□□ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| □□□ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| [illegible] | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| [illegible] | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| [illegible] | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| [illegible] | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشکچی و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| [illegible] | سیستمی سیاسی سویسرا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| [illegible] | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| [illegible] | گۆڤاری کەلتور | | ٢٠١٠ |
| [illegible] | ڕۆژنامەی کوردی گۆڤاری | ئامادەکردنی: | |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| [illegible] | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| [illegible] | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| [illegible] | ئایین و ئازادی بیروڕا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف و: عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| [illegible] | نەتەوە چییە...؟ زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| [illegible] | خانقین .. حكايات اعوام الرماد | یوسف یوسف | ٢٠١٠ |
| [illegible] | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| □□□ | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| □□□ | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |